# کەرکوکیەکان منیش هەڵەبجەیم

**حاجی ئەنوەر١٣/٤/٠٣**

دەزانن لای من کەم شت هەیە بەقـەد یادگارەکانی منداڵیم لاخۆشەویست بێ ؟ تەمەنمان ڕۆشـت. ئاواتـەکانیشـمان بەرەو کالـبونەوە دەچن مرۆڤ بەئازادی دێتە دنیاوە، دەبێت ئازادیـش بژی. کاتێـک کە ڕێ لە ئازادیم دەگـریت، ئەوا تۆ زۆرداریت و هیچ کارێکیش بە قـەدزۆرداری بوون ناشیرین و نامرۆڤی بون وترسنۆک تربون نیە هیچ کەسێکیش بەقەدەر زۆرداران ناشیرین وجێگەی ڕقی خەلکی نیە. غەدرکردن ڕەوشتی بنەڕەتی مرۆڤ نیە بەلاّم فێر دەبێت، ڕۆژێکیش دێت هۆیەکانی ئەو فێربوونە لەناو دەچێت. دەکەواتە تائەو ڕۆژەی دەگەڕێینەوە بۆ ئەسلی خۆمان، با ڕووڵەعەقل و مەنتیق بکەین. ئەگەر دوێنێ بەهۆی زال بونی دەستەلاّتێکی شۆڤێن فاشستی وەک بەعسەوە هەزاران خێزانی عەرەب لە شوێنی هاتنە دنیاوەی باو باپیرانیان (کە یادگاریەکانی منداڵی دەکات) هەلکەنران و خرانە کوردستان ولە ناو ماڵ و حاڵی کەسـانێکی وەک خۆیان جێنشین کران کە هەزارەها هەزار یادگاری منداڵیان لەو شوێنەدا هەیە و ئیـتر هەردو مرۆڤەکە (کورد و عەرەب) دەبێت عەودالی دۆزینەوەی یادگاریەکانیان بن. ئەمڕۆ ئەو دەستەلاّتە ڕەشە نگریسە نەماوە و تەمومژەکەش ڕەواوەتەوە با هەریەکەمان بگەڕێینەوە لای یادگاریەکانی منداڵیمان و ئەو شوێنەی کە باوباپیرمان بەخوێن و ئارەقەی ناوچەوانیان دڵی ئەو خاکەیان دەردەهێناو ژیانی نۆیان دەخولقاند.

برای عەرەبی چاو ڕەشم
تاڵ بوو بەشت، تاڵ بوو بەشم
لەیەک کاسە تاڵی نۆشین
براییی کردین بە هەنگوین
هەردووبرا عەرەب و کورد
سەرمان بۆ بناگۆیی یەک برد
تا تێرمان خوارد چپەمان کرد
پەی مان برد بە ڕاوێژی ورد
(( مامۆستا گۆران))

هەرلێرەوە من وەک مرۆڤێکی کورد ئامادەی خۆم دەر دەبڕم بە مسۆگەر کردنی کرێی خانو* و موچەی مامۆستایەک بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بۆ خێزانێک کە بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی (کەرکوک) کە باو باپیرانی و خۆیشی یادگاریەکانی منداڵیان لێ بەجێ هێشت.

١ـ ماوەی لە ڕۆژێکەوە تا ٦ مانگ بۆ ئەوخوشکە یان برا عەرەبەدابنرێت بە چۆلکردن و بەجێـهێـشتنی هەر شتێک کە هی خۆی نیە، ئەم کارە لە ڕێگای نۆێنەرانی هەلبژێردراوی ناوچەکەو بە ڕۆحێکی مرۆڤانەی پڕ لە خۆشەویستی ومەسلەحەتی هاوبەشەوە جێ بەجێ بکرێت.

٢ ـ داواكارم لەهەر مرۆڤێكی ئازادی خوازو مرۆڤ دۆست كە پەیوەست بن بەم بزوتنەوەیەوە بـۆ گـەڕانەوەو نیـشتە جێ كردنـەوەی هـەمو ئەو مرۆڤانەی كە بەهـۆی سیاسەتە دژە مرۆڤیەكانی بەعسەوە دەرهەق بە خەڵكی كرا

٣ ـ ناو و ناونیشانم

ئەنوەر ئەحمەد كەریم (حاجی ئەنوەر)

٢٠٠٣/٤/١٣

**Ahmad Karem Anuar**
**Mühledorf str 1**
**3018 Bern**
**schweiz**
**Tel / Fax : 0041 31 99 22 977**
**Natel / 076 56 46 508**

* ـ كرێی خانویەكی وەك ئەوەی دایكمی تیا دەژی ٢ ژووروو متبەخ و هۆڵـی دانیشتن. موچەی مامۆستایەكی سەرەتایی

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣